# دەرکـــــــەوتـنـــــــی ســـــــــەلاحـــەدیـــــن

سەلاحەدین لەسالی (٥٣٢ك) بەرامبەر ١١٣٧ز لەقەلای تکریت لەدایك بووە لە پاش ئەوەی سولتانی سەلجوقی بریاریدا کەبنەمالەی ئەیوبیەکان شاری تکریت بەجێبهێلن ئەوەش وایکرد کە هەردوو برا (نەجمەدین ئەیوب لەگەل ئەسەدەدین شێرکۆی برای لەتکریتەوە بەرەو موصل بچن لەموصل لەلایەن عیمادەدین زەنگییەوە بەگەرمی پێشوازیان لێکرا رێزی لێنان وهاوکاری کردن لە پاداشتی ئەوەی کەئەوە بنەمالەی لەتکریت بەهانای (عیمادەدین زەنگییەوە )هاتوون لەکوشتن رزگاریان کردبوو کاتێك لەشکری عیمادەدین زەنگییەوە لەگەل لەشکری بەهرۆزی سولتانی سەلجوقی شکابوو ئەوە بنەمالەیە هاوکاری (عیمادەدین) و لەشکرەکەیان کردبوو تا وەکو بەسەلامەتی گەیشتبوونەوە شاری موصل ئەوەش وایکردبوو کەوا نەجمەدین و شێرکۆی برای ببێتە جێی متمانەی عیمادەدین جەنگی لەرووی متمانەوە ئەوەش ببووە هۆی پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان ئەو دوو بنەمالەیەدا لەو کاتەش دوو برایەکە گەیشتبوونە شاری موصل (عیمادەدین ) پارچە زەویەکی پێدابوون بۆ ئەوەی بەسەربردنی تێدا بژین لەو کاتەش دوو برایەکە ببوونە باشترین سەرکردەی سوپا پاش ئەوەی (عیمادەدین ) بەدەستی خاچ دروشمەکان دەکوژرێ (نورەدین محمود ) شاری موصل بە دیمەشق دەلێکێت ئەوە کاتەش (سەلاحەدین )مندال بووە لەبەر خوێندن دادەنرێ لە (دیمەشق ) زانستە ئیسلامیەکان دەخوێنێ هونەری سەربازی فێر دەبێت وەك سوار چاکی وهونەری جەنگی وتیرهاوشتن (یاری سەربازی ) وە هەروەها فێری راو شکار ئەکرێت کەئەو کاتەش باو بووە لەنێوان پاشاو سەرکردەکان (نورەدین محمود ) فراوا نخوازی بەدەسەلات دەدات کاتێك دەست بەسەر بە ( بعلبك ) دادەگرێت لەسالی ( ٥٣٤ )ك نەجمەدین ئەیوب دەبێتە بەرپرسی دەسەلاتداری ئەو شارە لەو کاتەش ژیانی سەلاحەدین لە بەعلە بەکەوە دەست پێدەکاتەوە وەلەسالی (٥٣٤ك) هەروەك سەرچاوە کان ئاماژەی پێدەکەن کەتەمەنی دوو سالان بوو گوێبیستی لەشکری خاچ دروشمەکان بووە وەلەوێوە خولیای ئەوەبووە کەوا رۆژێك لەرۆژان ببێتە سەربازێك و رێگای جیهاد بگرێتەبەر وەلەسالی (٥٤٦ك) کاتێك سەلبیەکان لەشکریان بۆسەر بیقاع کردبوو کەلەنزیك بەعلەبەك نەجمەدین وئەسەدەدین زۆر بەتوندی وەلامی ئەو لەشکرە یان دابوو وەهەندێکیان کوشتبوو وەهەنێکیان بەدیل گیرابوون لەو کاتەوە سەلاحەدین پەیوەند بەمامی (ئەسەدەدین )کەتەمەنی ١٤ سال بوو لەو

کاتەدا ئەسەدەدین یاریدەدری (نورەدین محمود )بووکەیەکێك بوولەسەرکردە زەنگیەکانی دیمەشق، کاتێك نورەدین محمود بەزیرەکی لێهاتووی سەلاحەدین بۆی دەرکەوێت دەکاتە کەوا کەسێکی سەرکەوتوو بووە لەلایەنی سەربازی کارگێری هەروەك ئەبو شامە ئاماژە دەکات دەلێت نورەدین زەویەکی باشی بەسەلاحەدین دابوو وەلەخۆی نزیك کردبوو وەببووە جێی متمانەنورەدین محمود زۆرجار بۆ لای ئەسەدەدین شێرکۆی مامی ناردبوو بۆئاگادارکردنەوە کەوا دەولوت پێویستی بەچی هەیە پێبوو،نورەدین محمود زۆرجار راوێژی بەسەرکردەسەربازەکان وسیاسیەکان بەزاناکان دەکرد بۆ بەهێز کردنی دەولەت وپرکردنەوەی ئەو کەم و کورتیانە کەلەدەولەتدا هەن وەبۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کەدەولەتداهەن ئەوکاتەش پیشەی سەلاحەدین وەپاراستنی نهێنیەکانی ئەفسەرەبالاکانی دەولەت بووە(کاتم السر) لەو کاتەدا مەلیك عادل نورەدین محمود کەدیمەشقی دەست بەسەر داگرتبوو رادەستی نەجمەدینی ئەیوبی کرد بوو وەسەلاحەدین وەك هاوکار لەخزمەتدا بوو تا ئەو کاتەی وولاّتی مصر پێویستی بەلشکری هەبووە کەناکۆکی هەبووە لەنێوان خەلیفەی فاتیمی و وەزیرەکەی ،چونکە سەرچاوەکان ئاماژە دەکەن کە وەزیری مصر پەیوەندی بە خاچ دروشمەکانەوە هەبووە بۆیە مەترسی ئەوە هەبووە کەوا مصر بکەوێتە بەر دەست سەلبیەکان بۆیە داوای لەنورەدین محمود کرد بووکەوا بەلشکر هاوکاری بکەن لەو کاتەشدا(نورەدین محمود ) لەدیمەشقەوە لەشکر ێك ئامادە دەکات بەسەرپەرشتی (ئەسەدەدین شێرکۆ ) وەسەلاحەدینیشی پەیوەندی پێوەدەکات بۆ ئەوەی لەم لەشکرکێشیدا بەژداری بکاتە بەلاّم باوکی رازی نابێت ،لەبەر ئەوەی کەم ئەزمونە بەهۆی گەنجییەتیەوە ،بەلاّم هەرچۆنێك بێت لەگەل (ئەسەدەدین )مامی رێگای میصر دەگرێتەبەر کە دەگەنە مصر وەزیری فاتیمی تەمبێ دەکەن و بۆئەوەی نەتوانێ هاوکاری خاچ دروشمەکان بکات بۆدەست بەسەر داگرتنی مصر کاتێك ئەو لەشکرە دەگەرێتەوە دیمەشق جارێکی تر وەزیری فاتمی بەهەمان شێوەی جاران دەکەوێتە جموجۆل بۆیە دووجاری تر لەشکری نورەدین محمود لەدیمەشقەوە بەرەو مصر دەچێت بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە بۆ جاری سێیەم (ئەسەدەدین شێرکۆ ) وەزیری فاتمی دەکوژێ لەبری ئەوە خەلیفەی فاتمی (العاضدلدین اَللة )ئەسەدەدین شێرکۆ دەکاتە وەزیری خۆی لەشوێنی وەزیری کوژراو هەێندەی پێناچێت ماوەی دوو م ئەسەدەدین شێرکۆ لەمصر بەردەوام دەبێت ،بەلاّم کۆچی دوای دەکات بەهۆی زۆر خواردنەوە مرد ،لە پاش

**ئەمە خەلیفەی فاتمی هەلی بۆ رەخسا کەوا سەلاحەدین لەشوێنی ئەو بکات بە وەزیر لەبەر ئەوەی سەلاحەدین گەنج بوو بەلای خەلیفە کەم ئەزمونە ئەوەی بیەوەیٚ پێی دەکات ،بەلام سەلاحەدین لەو شارەزا تر بوو هەرچەندە تەمەنی بچوك تر بوو بەلام توانی بەسەر خەلیفەی فاتمی سەربکەوێت و کودەتایەکی سپی بەسەری دا بکات وخەلیفە لەناوببات لەسالی (٥٦٤ك) توانی دەست بەسەر خەلافەتی فاتمی دابگریٚ وەلەسالی (٥٦٧ك) وە جار مەزهەبی سونی دا لەوولاتی مصر وەپەیوەندی بەخەلافەتی عەباسی کرد کەوا وولاتی مصر بەشێکە لە دەولەتی عەباسی خەلیفەی عەباسی بەوهۆیەوە نازناوێك بەسەلاحەدین دەدات (الناصر صلاحەالدین ) واتە بانگەوازی سلاحەدین لەباوکیەوە فێری سیاسی وکاروباری سەربازی ببو ، وە لەشێرکۆی مامیشیەوە فێری ئازایەتی و پالەوانی ،وە قورئان خوێند فێر بوو هەندێك دەلێن قورئانی لەبەر کردووە وەدەرسی زانستە شەرعیەکانی خوێند بوو لەگەل زانست فەرمووده لەسەر دەستی زانا گەورەکانی ئەو سەردەمە لەشام وجەزیرەدا وەك لەشێخ (قوتبەدین نیسا پوری وەلەنورەدین محمودیش فێری دلسۆزی وفیداکاری ببوە بۆجیهاد کردن لەبەر چاوی خەلك کەسایەتیەکی بۆ دروست ببوو جێگای رێزو تقدیر بوو (اِعتیباري ) بۆدروست کردبوو بەلاوێکی زیرەك وراستگۆ وهێمن وداد پەروەری ناسرابوو هەرئەوەش بوو لەسەردەمی (نورەدین محمود کەوا پۆستی سەرۆکی پۆلیسی پیٚ پسپێردیٚ بۆ ئەم پۆستەش زۆر بەدروستی بەرێوەی برد بوو وایکردبوو کەوا دیمەشق لەدزو گەندەلکران بپارێزرێت وەتوانی بووی ئەمن وئاسایش بۆ ولاتی شام بگەرێتەو ئەمەش ببوە هۆی ئەوەی کە خەلك لەسەروەت وشەرەف وگیانیان پارێزراوبن بۆیە شاعیران لەکاتەدا هۆنراوەیان پێداهەلگرتبوو کەوتویان (یوسف هاتووە دەستی دزان ببرێت هەروەك پێغەمبەر (د.خ) لێت دەستی دەبرێت ئافرەتی بریوە ئەویش دەستی پیاوانی دزو ستەمکار دەبرێت )**

## دەركـــــــــەوتــــــنـــى دەولــــەتـى ئـــــــــەيـــــوبـــى

**مێژوونوسان كۆك نین لەسەرەتای دامەزراندنی دەولەتی ئەیوبی،هەندێك ئاماژە بەوە دەكەن كەلە سالی (٥٦٤ك ــ ١١٦٩ز) دامەزراوە كاتێك كە سەلاحەدین وەزارەتی مصری وەرگرت لەسەردەمی خەلیفە وەهەندێكی تر بۆ ئەوەی دەچن كەلەسالی (٥٦٧ك دامەزراوە ـــ ١١٧١ز) لەوكاتەیدا خوتبەی سونی بۆ خەلیفەی عەباسی داوە لەمصر واپێدەچێت دەسەلاتی سەلاحەدین لەوكاتەدا بێت كە وەزارەتی وەرگرتووە، وەدەستی گرتووە بەسەر فاتیمیەكان ،بەلاَم لەرووی سیاسیەوە ئەم دەسەلاَتەی سەر بەدەسەلاَتی (نورەدین محمود ) بووە تا لەسالی (٥٦٩ك بەرامبەر١١٧٤ز) وە هەندێك دەلێن سەرەتای دامەزراندنی دەولەتی ئەیوبی بە (٥٧٠ك ــ ١١٧٥ز ) دادەنرێت .**

## كـــــــــەســـــايــــــەتـــى ســــــەلاحـــــەديـــــن

**كەسایەتی سەلاحەدین زۆر جیاواز بووە كەسایەتی كەسانی تر لەبەر ئەوەی ڕەوشتێكی بەرزی هەبووە هەرتا ئەوەش بووە كەهانی داوە بۆ ئەوەی بگاتە بەپۆستێكی بەرز لەو لەوسیفەتانەی كەهەیبووە ئازایەتی و پیاوەتی و وەفاداری ولێبووردەی و(علم) دادپەروەری ، پەلەكردن بۆ بەهانا چوون وخۆشەویستی بۆجیهاد كردن وئارام گرتن ومحاسەبەكردن و لەبەرچاو گرتنی زانست وریز لەزانا یان** (تواضع ) **واتە ســـــــادە**